# ئایا یەکێتی نیشتمانی کوردستان قابیلی چاکسازی یە؟

**عبدالله مەحمود**

abdulla mahmud@gmail .com

بۆ جاریکی تر کێشە ناوخۆییەکانی یەکێتی نیشتمانی، پەلدەکێشێتە ناو میدیاکان، ناو کۆروکۆمەڵی سیاسی، ناو خەڵکی کوردستان، ناو میدیای یەکێتی نیشتمانی و ڕیزەکانیو... تاد. وەچەندین پرۆژەی جۆراوجۆر لەلایەن سەرکردایەتی و کادرانی بەمەبەستی چاکسازی و بیناکردنەوەو تازەکردنەوەی یەکێتی نیشتمانی هێنراوەتە گۆر.

بۆئەوەی چاکسازی یان نوێبونەوەو بیناکردنەوە چوارچێوەیەکی تەندروست وەربگرێت، دەبێ سەرەتا بەو پرسیارە دەست پێبکرێت، چاکسازی چی؟ دەبێ کام شتی تێکچو چاکبکرێتەوە؟ دەبێ کام شتی کۆنبوو نوێ بکرێتەوە؟ وەدەبێ چ شتێکی داروخاو بینابکرێتەوە؟ ئێستا کەباسی حزبێکی سیاسی وەکو یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، کێشەی یەکێتی نیشتمانی چی یە؟ چ شتێکی یەکێتی کۆنبووە؟ کوێی برینی تێکەوتووە؟ کام بەشەی داڕوخاوەو دەبێ لەکوێوە دەست پێبکرێت بۆ چاککردنەوە؟ وەئایا ئیمکانی چاکسازی و نوێبونەوە هەیە یان نا؟

ئەمانە ئەو پرسیارانەن کەدەبێ وەڵام وەربگرنەوە. ئەوەی تا ئێستا لەو بارەوە نوسراوە و ووتراوە، سەرباری ئەوەی کەزۆر ڕاستیان بەیان کردووەو ئاماژەیان داوە بەچەند لایەنێکی سلبی ناو یەکێتی، بەڵام بەداخەوە هۆکاری سەرەکی ئەم وەزعەی یەکێتی تێیکەوتووە بەیان ناکەن، یان بە هوشیاریەوە هەندێکیان نایانەوێت بەلایدا برۆن.

باسی سەلاحیەتی بێسنوری سکرتێری گشتی، ڕێگەنەدان بە مەکتەبی سیاسی بە گێرانی دەوری پیویستی خۆی، نەبونی سانتریالیزمی دیموکراتی، گەندەڵی و فەساد، تەکەتول و نائینسجامی سەرکردایەتی، بوارنەدان بە نەوەی نوێ و تازە نەفەس بۆ جێگرتنیان لە سەرکردایەتی، تێکەڵ بونی ئەرکی حزب و حکومەت! بونی خەلەل لە سیستەمی کارکردن یان نەبونی سیستەم بۆکارکردن، کۆنترۆڵی سەرکردایەتی لەلایەن تیپێکی تارادەیەك نەگۆر، خزمخزمێنەو دانی پۆست لەسەربنەمانی ناسیاوەتی و تەکەتولچێتی، دزی و پاوانکردنی داهات... زۆر شتی تر ئاماژەیان بۆکراوە کە یەکێتی گیرۆدە کردووەو چارەنوسی نەخوازراوی خستۆتە بەردەمی، ئەمانە هەموویان کەم تازۆر واقعین. بەڵام هیچیان کێشەی ئەسڵی یەکێتی نیشتمانی نین، تا بە چاککردنی ئەمانە یەکێتی ببوژێتەوە.

هەتا مەسەلەکە ئەوە نیە کە یەکێتی هێزێکی شمولی و چوارچێوەی کۆبونەوەی چەند باڵی قەدیمی کۆمەڵە و هێڵی گشتی و یەکێتی شۆرشگێرانە، نا ئەمانە هیچیان کێشەی بنەرەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان نین.

هەتا کێشەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەوە نیە، کە ئێستا دنیا گۆراوەو دەبێ یەکێتی خۆی لەگەل بگونجێنی، خۆی نوێبکاتەوەو لەگەڵ گۆرانکاریەکانی سەردەم هەنگاو بنێت، ڕێك بە پێچەوانەوە کێشەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە بنەرەتدا لەدواوە بونیەتی لەگەڵ سەردەمی خۆیدا، کە دروست بوو هەر لەگەڵ سەردەم و گۆرانکاریەکانیدا لەدوا بوو، کە دەستی دایە بەربەرەکانی لەگەڵ بەعس هەر لەگەڵ گۆرانکاریەکان لەدوا بوو، کە هاتەوە شارەکان و ناو خەڵك هەر لەدوابوو، ئێستا کە عێراقی داروخاو بینادەکرێتەوە یەکێتی هەر لەدوایە. دیارە مەبەستی من ئەوە نیە، کە یەکێتی لەگەڵ گۆرانکاریەکانی سەردەمدا دروشمی نەبووە، بانگەوازی گۆڕانکاری نەکردووە، لافی خۆجوتکردنی لەگەڵیان نەبووە، بە پێچەوانەوە هیچ هێزو حزبێك بەئەندازەی یەکێتی لافی گۆرانکاری و خۆجوتکردن و پێشکەوتنخوازی لێنەداوە، وەهیچ حزبێکیش بەئەندازەی یەکێتی خێراوەدەستو برد نەبووە لە هەڵگرتنی دروشمی زل و بانگەوازی پێشکەوتنخوازی و دیموکراتی و تەنانەت سوسیالستی.....تاد، بەڵام یەکێتی لە واقعدا بەهەموو ئەم دروشمە قەبانەیەوە، لەکاتی پێکهاتنیەوە تا ئەمرۆ هێزێکی کۆنەپاریز و دژی دیموکراتی بووە. یەکیتی هەرگیز حزب یان رێکخراوێکی مۆدیرنی بۆرژوازی نەبووە، بەڵکە حزبێکی قەومی عەشایەری و میلیشیاییە، کە لە رۆژی پیکهاتنیەوە تا ئەمرۆ ئەوەندەی بە تایبەتمەندییەکانی عەشایەری و زۆری چەك پابەند بووە، نیوەی ئەوە پاپەندی سونەتی رادیکاڵی سیاسی و پیشکەوتنخوازی نەبووە. بۆ دەرخستنی زیاتری ئەمە پێویست دەکات کەمێك زیاتر ئەمە ڕۆشنبکرێتەوە، یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەکاتی دامەزراندنیەوە تا ئێستا بروای بە دیموکراتی نەك نەبووە بەڵکو گەورەترین کۆسپی بەردەمی بووە، یەکێتی هەرگیز بڕوای بە جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت، لەخوێندن و پەروەردەو یاسا، لەژیانی کۆمەڵایەتی نەبووە، یەکێتی هەرگیز لەگەڵ یەکسانی ژن و پیاو نەبووە، یەکێتی هەرگیز بروای بەمافی تاك و مافە مەدەنیەکانی خەڵك نەبووە، یەکێتی هەرگیز بروای بە ئازادی سیاسی و چاپەمەنی و ڕادەربرین و بڵاوکردنەوەو خۆپیشاندان، مانگرتن، پێکهێنانی ئەحزاب،...نەبووە، یەکێتی هەرگیز دژی فەرهەنگ و کولتوری کۆن و داغان بووی کۆمەڵگا نەوەستاوەتەوە، بە پێچەوانەوە لە بەرگی چەپدا بوبێت و کۆمەڵەی ڕەنجدەران بەشێکی بوو بێت، یان هێڵی گشتی بوبێت و کۆمەڵە نەمابێت، سەرباری بانگەشەی پێشکەوتنخوازی و پاراستنی مافی مرۆڤ و سەروەری یاساو....، هەر ئەم قاڵبەبووە، کە هەمیشە نوێنەری قازانج و بەرژەوەندیەکانی بەشی هەرە دواکەوتوی کۆمەڵگای کوردستان بووە، تا ئێستاش ئەم تایبەتمەندێتییەی پاراستوە، ڕەوتی ڕوولەنشێوی یەکێتی رێك لێرەوە سەرچاوەدەگرێت، کاتێك کاریگەری نەشئەی سوسیالیزم دنیا دادەگرێت و زۆر ماف و داخوازی خەڵك لە ژێرکاریگەری ئەم ڕەوەندەدا و سەرکەوتنی شۆرشی ئۆکتۆبەردا دەبنە مافی سەلمێنراوو سەرەتایی، یەکێتی دروشمەکانی و بانگەشەکەی هەڵدەگرێت، بەڵام بەکردەوە لەدژی ئەبێت، کاتێك دیواری بەرلین مۆدیل و سیستەمی سەرمایەداری دەوڵەتی لەمەیدان دەچیتەدەرو سەری تەسلیم لەبەرامبەر مۆدیلی بازاری ئازاد و باهۆزی دیموکراسیدا دائەنەوێنی و هەراوهۆریای دیموکراسی دنیا دادەگرێت و چەندین رژێمی دیکتاتۆر ئارایشەکەیان دەگۆرن بۆ پاراستنی نیزامەکەیان، دیسان یەکێتی دەبێتە هەڵگری ئەم بانگەشانەو هەراوهۆریای مافی مرۆڤەکەی کۆمەڵگا دادەگرێت، کەچی بەکردەوە یەکێتی هەر یەکێتی یە نەگۆرەکەیە، جەنگی دژە تیرۆر ئەبیتە تایتلی نەزمی نوێی دنیای دوای 11 سیبتەمبەر، یەکێتی ئەم تایتلەی لەسەر سنگی خۆی نوسیوە بەڵام دەست لەستایشی فەزای ئیرهاب هەڵناگرێت و ژینگەسازی بۆ ئیسلامی سیاسی دەکات، باسی کۆمەڵگای مەدەنی دەبێتە باسێکی کۆمەڵگاداگرو یەکێتی خۆی هەڵگری ئەم بانگەشەیەیە، کەچی ناتوانێ تەحەمولی رەخنەیەکی جدی بکات لە پیرۆزیەکانی نیشتمان و نەتەوەو دین و ڕەمزەکانی، باسی مەلەفی نیوەی سەرکردایەتیەکەی کۆمەڵگا دائەگرێت کەچی خاوەن فایلەکان پۆستی تایبەتی تریان پێدەدرێت، باسی زانست و پێشکەوتنی زانستە، کەچی یەکێتی ئەم زەمینەو مەیدانەش ئەکاتە مەکۆی بازرگانی، باسی سەروەری یاسایە، کەچی یەك بەرپرسی حزبی و حکومی لەسەر دزی و تالانی، لەسەر کوشتنی خەلك نادرینە دادگا، و دادگایەکی سەربەخۆ لەکوردستان بوونی نیە، وە شتیك نیە ناوی یاسا بیت، وە تائیستاش بەیاساکانی بەعس خەلك زیندانی ئەکەن، رۆژنامەو گۆڤاردائەخەن و روژنامەنووسان زیندانیو سزا ئەدەن، باسی ئازادی سیاسی و دیموکراسیە، کەچی یەك خۆپیشاندان و نارەزایەتی جەماوەری نیە، بە تابوری پێنجەم و ئاژاوەگێری لەقەڵەم نەدرێت و نەکەوێتە بەردەم توندو تیژو داباراندنی گوللە و زیندانی کردن و نانبرین و....وەهیچ حزبێکی سیاسی ئەگەر سەر بەخانەوادەی خۆی نەبێت و خۆی لێ ڕازی نەبێت حەقی هەڵسورانی یاسایی پێنادرێت، ئەم سیفەتانە هی ئەمرۆ نین، لەوەتەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دروستبووە هەڵگری ئەم تایبەتمەندییە قێزەونانە بووە، نمونەکانی سەردەمی شاخی بەو وەزنەی ئەوکاتەیەوە لەوانەی ئێستا کەمتر نین.

شێوازی پێکهێنانی ئەنجومەنی دیهاتەکان و بەرپرسیاریتی سپاردن بەخاوەن زەویەکان و شێخەکان و سەپاندی ئەمانە بەسەر خەڵکی زەحمەتکیشدا، پشتگیری ئاشکرای یەکێتی لە دەرەبەگ و خاوەنزەویەکان لەبەرامبەر بە خەڵکی زەحمەتکێشدا، کوشتنی ژنانێك لەسەر ڕاسپاردەی شیخ و توجارەکان "لەوانەشیعری قامیشەلانی شیرکۆ بیکەس" بەس بیت بۆ مامەڵەی یەکێتی لەگەڵ عیشق و ئازادی ژناندا، وە لێدان لە هەرهێزو حزبێك کە"نا" جدی بە یەکێتی ووتبیت، ڕاوەدونان و ئەتککردنی مخالفینی خۆی لە ڕیزەکانیدا، باج و سەرانە سەندن لەخەڵکی زەحمەتکێش و کەم دەرامەت، چاوساغی و خۆشخزمەتی بە ڕژێمە تاسەر کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە، دیل کوشتن و.....کارنامەی یەکیتیە لە شاخدا.

بەڵێ یەکێتی نیشتمانی لەیەکەم ڕۆژی دروست بونیەوە هێزێکی کۆنەپەرستی دژی زەحمەتکێشی ژنکوژی نادیموکرتی و خۆشخزمەتی وولاتانی ناوچەکە بووە، ئەوە کە وای کردووە خەڵکی لەدەوری یەکێتی نیشتمانی کوردستان یان حزبەکانی تر کۆببێتەوە، لە لایەکەوە بوونی ڕژێمێکی دڕندەی بێهەوساری وەکو بەعس و نەبونی بەدیلێکی مادی تر بووە لەبەرامبەر بەیەکێتی و حزبەکانی تریدا.

ئەمرۆ وەزعیەتە گۆراوە، لە لایەکەوە بەعسێك نەماوە، تا یەکێتی و پارتی بۆ ملدانی خەڵك و دیوەزمەی بەعس نیشانبدەن، و بە بەعس بیانترسینن، وەهاوکات 15 ساڵ تەجروبەی بەکردەوەی خەڵك لە یەکێتی و حزبەکانی تری، لەناو دڵی کراوەیی دنیای ئەمرۆدا، بە ڕۆشنترین شێوە ماهیەتی یەکێتی و سەرجەم حزبە قەومیەکانی تری وەکو ئەوەی کە هەن و دروست بوون نیشانداوە. یەکێتی نەك هێزێکی سۆسیال دیموکرات، بەڵکە هێزێکی دەستی ڕاستی بۆرژوازیش نەبووە.

لەوانەش واوەتر لاوانی ئەمرۆ یان باشتر بڵێم نەوەی دەیەو نیوی ڕابردووی کۆمەڵگای کوردستان بەعسی نەبینیوە، ڕەفتارەکانی بەعسی لەبەرچاو نیە، مەگەر لە کتێبە مێژویەکاندا بۆ کارنامەکەی بگەڕێن.

نەوەی تازە دەست و پەنجەی لەگەڵ یەکێتی و ئەحزابەکانی تر نەرم کردووەو کارنامەی ئەوانی لەبەردەمە، کارنامەیەك کە تۆزقاڵێك تەمەدونی پێوە نیە، ئەمان ئەم دەسەڵاتە قبوڵ ناکەن، خۆپیشاندانە جەماوەریەکانی کوردستان، لە لاوانەوە تا فەرمانبەران، لە خوێندکارانەوە تا کرێکاران و کارمەندان، لە نوسەرانی ئازادیخوازەوە تا دادوەرانی ئازاد،.....تاد، هەموویان نیشانەی پەی بردنی خەڵکی کوردستانە بە ماهیەتی یەکێتی و پارتی، ئەگەر تا چەند ساڵ لەمەوبەر و تائەوکاتەی بەعس مابوو، وە دڕندەیی بەعس حەقانیەتێکی نارەوای دابوو بە حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و یەکێتی نیشتمانی، ئێستا بەنەمانی بەعس خەڵك ئەو حەقانیەتە نارەوایە لە یەکێتی و پارتی ئەسەنێتەوە، پیرۆزیەکانی خۆی بەرگری لێدەکات، دەیەوێت خۆی ببێتەوە بەخاوەنی مێژووی ڕوداوە تاڵەکانی دەستی بەعس و لە ئەحزابی قەومی دەسەنێتەوە، وەئەوەندەی خەریکن بۆ مێژوو ئەگرین، دەبەرابەربەری ئەوە بۆ ئایندەی باشتر لە مەیداندان، ئەوەندەی بیری ئازیزانی لەدەست چویان ئەکەنەوە، سەد بەرابەری ئەوە بۆ باشتر کردنی ژیانی ئێستاو داهاتووی ئینسانە زیندوەکان لە تێکۆشاندان، وە ئەم نەسڵە نوێ یە، دروستکەری سمبولەکانی پێ پیرۆزترە لە سومبلەکان، ئینسانی لاپیرۆزترە لە ڕەمزە سیاسی و مێژویەکان، خۆپیشاندانی ئەمساڵی شاری هەڵەبجە بەکردەوە ئەوەی بە کۆمەڵگا ڕاگەیاند، وەگۆشەیەك بوو لە نارەزایەتی پەنگخواردوی سەراسەری خەڵکی کوردستان بەدژی دەسەڵاتی تاڵانچی و میلیشیایی دژی ئازادی.

گرفتی یەکێتی و حزبەکانی تر هەر ئەمەیە، پرۆژە یەك لەدوای یەکەکانی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و کادرەکانی تری یەکیتی، هوشیارانە نایەنەوێت پێ لەو راستیانە بنێن، و خەریکن لە ژێرناوی ئاڵوگۆر و چاکسازیدا تەرحی ڕێکخراوەی دەکەن، باسی کۆنگرە و سەلاحیەتەکان قوتئەکەنەوە، پۆستی زیادەی سیاسی وەلادەنین، پەیکەری مەڵبەندو ڕێکخستنەکان ئەگۆرن، یان باسی ئیستیقالەدانی بەتەمەنەکان دەهێنرێتە گۆرێ... هیچ کام لەو روانین و پرۆژانەی کە هێنراونەتە گۆر، باسی لە گۆڕینی پەیامی سیاسی نیە، باسی لە ئاڵوگۆرو بڕواهێنان بە ئازادی نیە، باسی لە بەرەسمی ناسینی مافە فەردی و مەدەنیەکان نیە، باسی لە یەکسانی ژن و پیاو نیە، باسی لە جیاکردنەوەی دین لە حکومەت و یاساو خویندن و پەروەردە نیە، باسی لەبەمەدەنی کردنی حزب و پرۆژەو بەرنامەکانی نیە، وەباس لە ئیستیقالەدان نیە لەو نەهجە سیاسی و پەیامە دواکەوتوانەیەی یەکیتی لەسەر بیناکراوە، بۆیە ئەو پرۆژانەی تائێستا هێنراونەتە گۆر هەڵگری هیچ ئاڵوگۆرێکی ڕیشەیی نین لە وەزعی یەکێتی دا.

لەدڵی هەلومەرج و دۆخێکی ناوخۆیی ئاوای یەکێتیدا، هۆکارێکی تری ململانێ و لێکترازانی ئینسجامی ناو سەرکردایەتی یەکیتی نیشتمانی لێڵبونی ئەو ئاسۆ و ئایندە سیاسی یە کە داوێنی سەرجەم بزوتنەوەی ناسیونالیستی کوردی گرتووە، ناسیونایزمی کورد بە خۆبەستەنەوەیان بە سیاسەتی ملهورانەی ئەمریکاوە ئومێدی ئەوەیان هەڵچنیبوو کە لەسایەیدا گوڵە بەهارەی دەسەڵاتی میلیشیایان بەسەرخەڵکی کوردستاندا درێژە پێبدەن، ئومێدی ئەوەیان بوو لەسایەی ئەمریکادا لەدەسەڵاتی مەرکەزی عیراقدا جێگاورێگایەکی جێگیر بەدەست بهێنن، ئومێدی ئەوەیان بوو فدرالیزمە قەومیەکەیان بکەنە ئەمری واقع و دەسەڵاتی تائیستایان بەسەر خەڵکی کوردستاندا قانوونیەت وەربگرێ، ئومێدی ئەوەیان بوو ئیسلامی سیاسی و ناسیونالیزمی عەرەب لایەك لە ئامانجەکانیان بکەنەوە، کەچی نەك هەر ئەو ئومێدانە بەهەوادا چوون، بەڵکە ئێستا لە حکومەتی کرێگرتەی ئەمریکادا، زۆر شتیان لەبەردەم هەرەشەدایە، ئیسلامی سیاسی و مەرجەعەکانیان بەهەموو شێوەیەك نەك هەر دژایەتی خەڵکی کوردستان دەکەن، بەڵکو دژایەتی ئامانجەکانی بزوتنەوەی ناسیونالستی کوردیش ئەکەن، ناسیۆنالیزمی عەرەب بەناسنامەی قەومیەوە و لەژێر ناوی پاراستنی سەروەری نیشتمانیدا هیچ جێگاورێگایەك بۆ ئیرادەی سیاسی ناسیونالیزمی کورد قایل نیە،...تاد. ئەمە ئەو کابوسەیە کە یەخەی ناسیونالیزمی کورد بەگشتی و یەکیتی نیشتمانی بەتایبەتی گرتووە، هەموو ئەو پرۆژانەی ناوی پرۆژەی چاکسازییان بە بالابراوە بۆ ئەوەیە فایلی فەسادی ئیداری و گەندەڵی و تاڵان و برۆی بپەردەی هەموو سەرکردایەتی یەکیتی و نەهجەکەی بخەنە سەر ئەستۆی چەند فەردیك، تا لەورێگایەوە نەفرەت و نارەزایەتی خەڵکی کوردستان لەدژی دزی و تاڵانی 13ساڵەی دەسەڵاتیانی پێ ئیحتوابکەن، دزی و تاڵانیەك کە ئەوسەرەکەی دیار نیە، و خۆیان ناچاربوون رای بگەیەنن کە دزی و تاڵانی و گەندەڵی ئیداری بۆتە سیمای ناسێنەری دەسەڵاتیان، وە شەر لەسەر بری بەشەداهات، شەر لەسەر رادەی تاڵانی، شەر لەسەر دەست بەسەراگرتنی زیاتری پارەو دارایی وداهاتی خەڵکی کوردستان و لوش دانی لە قەڵەمرەوی دەسەڵاتیاندا لە چوارچوەی داکوژانی ئومیدی سیاسیدا دەبێتە مەسەلەیەکی تر کەدەبی یەخەی یەکتری لەسەر بگرن.

ئەمە کێشەی بنەرەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە و هەموو حزبە قەومیەکانی تریش گیرۆدەی ئەمەن.

یەکێتی بەڕاگەیاندنی پەیوەست بوونی بە ڕەوتی مەدەنی کۆمەڵگاوە، ئەمیش نەك بەقسە بەڵکە بەکردەوە دەیتوانی لەبەرامبەر بە ئەحزابی نەیاری سیاسی قەومی خۆیدا، ڕەوتێکی ڕوولەپێش بنێت و لەو چەقبەستن و پاشەو پاش گەڕانەوەیەی ڕووبەروی بۆتەوە ڕزگاری بێت. یەکێتی ئەگەر بیەوێت ببێتە هێزێکی دیموکرات پێویستە ڕێز لە مافە سەرەتایەکانی خەڵکی کوردستان بگرێت، ڕێز لە ئازادی سیاسی و ئازادی چاپەمەنی و بەیان و بڵاوکردنەوەو ئازادی خۆپیشاندان و مانگرتن و پێکهێنانی ئەحزاب و ئازادی هەڵسورانی سیاسی ئەحزاب بگرێت، ڕێز لە خواستەکانی لاوان و ژنان، خوێندکاران و منالان، وە بەساڵاچواندا، بگرێت، سامانی دزراوی خەڵکی کوردستان بگێرێتەوە بۆ خەڵکی کوردستان، تیروریستانی تیرۆریزمی ئابوری کۆمەڵگا بداتە دادگا، دادگای سەربەخۆ پێکبێت و داگاکان بەئاشکرا بەرێوە ببرێن، زیندانە نهێنیەکان هەڵوەشێنێتەوە، کەس بەهۆی بیروباوەرو هەڵسورانی سیاسی یەوە زیندانی نەکرێت و نانبراو نەبێت، خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتی و خەدەمی و تەندروستیەکان... بخرێنە خزمەتی هاولاتیانەوەو ڕێز لە مافی هاولاتی بوون بگیرێتو...تاد، ئەو پرۆژانەش تائێستا تەرحکراون بە لای ئەمانەدا نەچوون، بۆیە یەکێتی بەو پینەو پەڕو ڕێکخراوەیەی ناتوانی هیچ چاکسازیەك بکات، و قابیلی چاکسازی نی یە.